



# چ کاتێک دەزانیت خشڵ و ئێکسسوارەکانت بەسوودن؟

خشڵەکان زۆربەیان بۆ جوانی بەکاردەهێندرێن، هەروەها بەشێکی زۆریان لە چەندین ماددەی جۆراوجۆر دروستکراون، بۆیە دەبێ هۆشیار بیت لە بەکارهێنانی ئێکسسوارەکانت، خشڵ و ئێکسسوارەکان لای ئافرەتان جێگەی بایەخن، هەر ئافرەتێك کۆمەڵێك خشڵ و ئێکسسواری جۆراوجۆری هەیە، کە بەشێکیان بۆ بۆنە و یاد و هەندێکی دیکەش بۆ ماڵ و دەرەوە و زانکۆ دەیپۆشن، بەشێکی زۆری ئافرەتان ئێکسسواریان هەیە، کە هەندێکیان لە دڵیان هێندە جوانە بۆ ماوەیەکی زۆر لە مل و دەستیاندا دەیهێڵنەوە، ئەو خشڵ و ئێکسسوارانەی لە ئاسن و مس و کەرەستەی سادە دروست دەکرێن، هەندێ جار دەبنە مایەی دەرکەوتنی هەستەوەری و سوورهەڵگەڕان و سووربوونەوەی پێست، هەروەها حاڵەتیش هەیە کە دەبێتە هۆی دەرکەوتنی نەخۆشییەکانی پێست، بەتایبەت ئەو ئێکسسوارانەی کە دەچنە نێو پێست وەك: گوارە، خەزێم، بەشێکی دیکەشیان رووی پێست دەگرن، وەك: ئەڵقەو ئەنگوستیلە، کە بۆشایی نێوانیان نامێنێتەوە، بەم چەشنە رێگە بە هەوا نادات کە بچێتە نێوان پیست و ئەو ئیکسسوارانە هەر بۆیە هەستەوەری درووست دەکەن. چارەسەری ئەو گرفتە بریتییە لە: ماوە ماوە داکەندنی خشڵ و ئێکسسوارەکان، بەتایبەت لە شەو و کاتی خەوتندا، هەروەها کاتێك هەستت کرد یەکێك لە ئێکسسوارەکانت دەبێتە مایەی سوورهەڵگەڕان و هەستەوەری، پێویستە بیگۆڕیت، یان نەیپۆشیت.



# مۆدی جینزەکان لە ستایلەکانی جلوبەرگدا

ساڵی ٢٠١٩ زیاتر باوی جلی پانتۆڵ و تەنوورە بوو، کە زۆربەی جلەکانیش لە قوماش بوون، بە جۆرێك جینزەکان فەرامۆش کرابوون، بەڵام بە پێی پێشبینی پسپۆڕانی جلوبەرگ لە ساڵی داهاتوو، جینزەکان دێنەوە لوتکە و قوماشەکان فەرامۆش دەکرێن، جینزەکان وەك جلێکی پۆشتە دەردەکەون و شیاوی جوانترین مۆدەن، بەتایبەت کاتێك مارکەکانی (گوتشی و سیلین و جیفینشی) بەرهەمەکانیان لە جینزەکان دەخەنە بازاڕەوە، ئیدی دەبنە یەکێك لە ستایلەکانی نێو نمایش، ئەو جلانەی کە لە جینز پێك دێن، بریتین لە: کیلۆت، پانتۆڵ، چاکێت، قەمیس بە شێوەیەکی کەم، هەروەها تەنوورە، دەنیم لە شێوەی کلاسیك، هەرچەندە دەکرێت بلووزەکانیش لە ماددەی جینز هەڵبژێردرێن، بەڵام هێندە جوان و شیك نابن، لە کاتی کەشی سەرمادا چاکێتەکانی جینز لەگەڵ قەمیس و بلووزەکان، جوانترین مۆدە دەبن، هەروەها دەکرێت تاخمێکی جینز هەڵبژێردرێت کە لە پانتۆڵ و چاکێت و قەمیس بن، بەڵام مەرج نییە هەموویان هاوڕەنگ بن.







# ڕەنگ و شێوازەکانی قژ بۆ ساڵی تازە

لە ئێستاوە پسپۆڕانی ئارایشت و ستایلەکان ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنی شێواز و ڕەنگەکانی قژ بۆ ساڵی داهاتوو دەکەن، تا لە سەرەتای ساڵەوە ئەوانەی خوازیالان کە چ جۆرە قژێکە هەڵبژێرن، ئەوا دوودڵ نەبن لە هەڵبژاردنەکەیان، وەك باوە هەڵبژاردنی شێوازەکانی قژ بەندە بە شێوەی ڕوخسار و ڕەنگی پێستەوە، چونکە ئەو دوو لایەنە جوانیی قژ تەواوتر دەکەن، (مارك تاوسێند) پسۆڕ و ئارایشکاری قژ دەڵێ: «لە ساڵی داهاتووەوە ئەو شێوازە باوانەی ئێستا نامێنن، بەڵکو تەقینەوەیەك لە بواری ستایلەکانی قژدا ڕوودەدات، چونکە ئارایشتەکان بەپێی جوانی و خواست هەڵدەبژێردرێن، نەوەك بە ناچاری لەسەر شێوەی ڕوخساربن، لە ساڵی تازەوە زیاتر هەڵبژاردنی ڕەنگی قژ بەند دەبێت بە ڕەنگی جلوبەرگ، بەم چەشنە ئافرەتان لە نیگەرانیی هەڵبژاردنی ڕەنگەکانی قژ دەرباز دەبن، هەروەها شامپۆی وشك دەردەکەوێت تا قژ جوانتر خاو بکاتەوە و نموویەکی جوانیشی پێ بدات. ئەو ڕەنگانەی پێشنیاز کراون، بریتین لە: قاوەیی تۆخ و کراوە، ڕەنگی هەنگوینی، سووری ئاگری، زەردی کاڵ.



## کاریکاتێر

ئەم کاریکاتێرە باس لە هەندێ کەس و لایەن دەکات، کە لە ڕێگەی بەرپاکردنی شەڕ و جەنگەوە، پارە و سەروەت و سامانیان دەست دەکەوێت.

## نوکتە

جارێك کوڕێك باوك و دایکی لەگەڵ خۆی دەبات و دەچێتە خوازبێنیی کچێك، ماڵی کچەکە ڕازی نابن کە کچەکەیان بەو کەسە بدەن، دواتر هاوڕێکانی کوڕکە لێی دەپرسن، چی بوو؟ ئەویش دەڵێ: یەکسان بووین، من و باوکم و دایکم ڕازی بووین، کچەکە و باوکی و دایکی ڕازی نەبوون.



# نەخۆشخانە بۆ بووکە شووشە و باڕبی

نەخۆشخانەیەك تایبەتە بە چارەسەرکردنی بووکەڵە و بووکە شووشەکان، واتە ئەوانەی بووکەشووشە و باڕبییان هەیە، کاتێك بەشێکی جەستەی بووکەشوشەکانیان دەکەوێت، یان لێ دەبیتەوە، ئیدی ئەو کەسە دەتوانێت سەردانی ئەو شوێنە بکات بۆ چارەسەر، ئەو نەخۆشخانەیە لە ساڵی (١٩١٣) کراوەتەوە، بۆ ماوەیەکی زۆر داخرا، دواجار بە مەبەستی تەرخانکردنی وەك بنکەیەکی چاککردنەوەی باربییەکان بڕی (٢,٥) ملیۆن دۆلاری تێچووە تا نۆژن کراوەتەوە، ئێستا وەك نەخۆشخانەیەکی فەرمی بۆ وەرگرتنی بووکەشووشەی شکاو و بریندار ئامادەیە و بەڕێوەبەری ئەو شوێنە ناوی (جیۆف چاپمان)ە کە تەمەنی (٦٧) ساڵە، ڕۆژانەی ژیانی لەو شوێنە بەمەبەستی چارەسەرکردنی باربی و بووکەشووشەکان بەسەر دەبات.

# بۆ زانیاریت

### خێرایی ئوتۆمبێل

کاتێك ئۆتۆمبێل بە خێرایی (١٦٠ کیلۆمەتر) لێ دەخوڕیت ئەوە تەنیا ١٢ خولەك جیاوازی هەیە لەگەڵ لێخوڕین بە خێرایی (١٢٠ کم) واتە تەنیا ١٢ خولەك زوتر دەگەیت، کاتێك بە خێرایی (١٨٠ کم) لێدەخوڕیت جیاوازیەکە تەنیا ١٦ خولەکە لەگەڵ لێخوڕین بە خێرایی (١٢٠ ) کم! وە کاتێك بە خێرایی (٢٠٠ کم) لێ دەخوڕیت، جیاوازیەکە تەنیا ٢٠ خولەکە لەگەڵ لێخوڕین، بە (١٢٠ کم)، بڕوا بەخۆبون لە کاتی خێرا لێخوڕین هەرگیز ناتپارێزێت لە ڕوداوی هاتوچۆ، هەمو ئەوانەی کە پێیان وابو لە خێرا لێخوڕین توشی ڕوداو بونن، بڕوایەکی زۆریان هە و کە خێرا لێخوڕین توشی هیچیان ناکات، خێرایی هۆکارێکە بۆ بوون بەکەم ئەندامی هەمیشەیی، شەلەل بوونی تەواو، نەخۆشی درێژخایەن، چەندین نەشتەرگەری مەترسیدار، ئازار و ئازارێکی دەروونی زۆر گەورە. وتەیەك هەیە دەڵێ: ئەگەر ئیستۆپەکەی ناو ئۆتۆمبێل شوفێر هێواش نەکاتەوە، کورسیی کەم ئەندامی بوونەکەی هێواشی دەکاتەوە.



### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

ماوەیەکە پێداگری لە دروستیی هەنگاوەکانت دەکەیت و لەخۆباییبوونت پێوە دیارە، ئەوەندەش متمانە بە هەموو کەس مەکە، چونکە ڕۆژێك دێ ئەو متمانەیە بە خراپە بۆت دەگەڕێتەوە، دڵگران مەبە بۆ کێشەکانت و کاتێك نهێنییەکت هەیە، لەلای کەسێکی بە متمانە باسی بکە، تا چارەسەرت بۆت بدۆزێتەوە.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

کەسێك دەیەوێت ڕێگری لە هاتنەدیی ئاوتەکانت بکات، مەهێڵە بەهۆی هیچ کەسێك ببیتە جێگەی بێ متمانەیی کەسانی دەوروبەرت، ئەو شێوازەی ئێستات گونجاوە تا کارەکانت جێبەجێ بکەیت، هەوڵبدە لە خاڵە ناکۆکییەکانی نێوان خۆت و خۆشەویستەکەت تێبگەیت و چارەسەریش بۆ گرفتی ڕەشبینیت بدۆزەوە.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

ئەوەندە گرنگی بە کەسێك مەدە کە قەدری ئەو گرنگی پێدانەت نازانێت، ئەم ماوەیە کەمێك هەست بە بێزاری دەکەیت و ئەوەش پێویستی بە کاتە تا کەمتر ببێتەوە، کەسێکی نزیکت هەوڵدەدات زیاتر لێت نزیك ببێتەوە، هەوڵبدە لە مەرامی تێبگەیت، وا باشترە بۆ گەیشتن بە ئامانج شێوازی بیرکردنەوەت بگۆڕی.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

هەر هەنگاوێك پێویستی بە پێشبینیی سەرەتاییە تا بزانی لە دواتر چی ڕوودەدات، وا باشترە هەمیشە متمانەت بە خۆت هەبێت و پشت بە خۆت ببەستیت، ماوەیەکە شێوازی بیرکردنەوەت باشتر کردووە، هەر بۆیە دەبێ دەست بە ژیانێکی نوێ بکەیت و زیاتر گوڕ بە خۆت بدەیت تا ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنی.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

لە بڕیارەکانتدا بوێر بە، چونکە پێویستت بە چەند هەنگاوێکە جێبەجێیان بکەیت، تا تواناکانی خۆت بسەلمێنی، هەمیشە گەشبین بە و بیربکردنەوەت با ئەرێنی بێت، کەسێکی نزیکت نیازی هەیە لە کارەکانتدا هاوکارت بێت، بەڵام مەبەستی تایبەتی خۆی هەیە، وا باشترە پشت بە خۆت ببەستیت و ئاواتەکانی داهاتووت پشتگوێ نەخەیت.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢


ئەگەر بەم شێوازەی ئیستات بیر بکەیتەوە، ڕەنگە زۆر شت لە دەست بدەیت، چونکە ماوەیەکە کەسانێك دژایەتیت دەکەن و تۆش بێباکانە ڕەفتار دەکەیت، ئەو هەنگاوانەی ئێستات پێویستیان بە پشتگیریی کەسێکە تا جێبەجێ ببن، ماوەیەکە هیوایەکت لە دڵدایە، ئارام بگرە تا کاتێکی گونجاو دەڕەخسێت، هەمووشتێك بەرەو باشی دەڕوات.



# بیرکردنەوە و فەلسەفە

### هەموو شتێك لە جووڵەدایە

هێراكلیتس نزیكەی ٤٨٠ تا ٥٤٠ ی پێش زایین لە هەمان سەردەمی پارمێنیدسدا ژیاوە و خەڵكی ئیفیسۆسی ئاسیای بچووك بووە، بەڕای ئەو گۆڕانكارییە بەردەوامەكان كتومت خاسیەتی بنەڕەتیی سرووشتن، دەكرێت بڵێین: هیراكلیتس بە بەراوردكردنی لەگەڵ پارمێنیدسدا زیاتر متمانەی بە هەستەكانی دەكرد. ئەو دەیگوت هەموو شتێك لە جووڵەدایە و هیچ شتێك هەتا هەتایی نییە، لەبەر ئەوە ناتوانم دوو جار بچمە ناو هەمان ئاوەوە، چونكە كاتێك بۆ جاری دووەم دەچمە ناوی هەم ئاوەكە و هەم منیش شتێكی دیكەین. هەروەها هیراكلیتس دەیگوت: جیهان مۆركی دژایەتییەكی بەردەوامی لەخۆگرتووە، ئەگەر هەرگیز نەخۆش نەكەوین، ئەوا ناتوانین لە لەشساغی تێبگەین، ئەگەر هەرگیز برسیمان نەبووبێت، ئەوسا تێربوون بەهیچ جۆرێك دڵی خۆش نەدەكردین، ئەگەر شەڕ نەبوایە، هەرگیز ڕێزمان لە ئاشتی نەدەگرت و ئەگەر زستان نەبوایە، هەرگیز چێژمان لەبەهار نەدەبینی. هیراكلیتس پێی وابووە چاكە و خراپە شوێنێكی پێویستیان لە سەرجەم شتەكاندا داگیركردووە، ئەگەر یاریی بەردەوامی نێوان دژایەتییەكان نەبوایە، ئەوا جیهان كۆتایی دەهات. بەپێی هیراكلیتس ئێمەی مرۆڤ هەرچەندە وەك یەكتری بیرناكەینەوە، یان هەمان ژیرێتیمان نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا یەك شێوە ژیرایەتیی جیهان بوونی هەیە و ئەمەش جڵەوی هەموو ڕووداوەكانی نێو سرووشتی بەدەستەوەیە. بە بڕوای ئەو هەرچەندە زۆربەی خەڵكی بەپێی ژیرایەتیی تایبەتی خۆیان دەژین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ژیرایەتی ژیانە، یا یاسایی سرووشتە كە بۆ هەمووان هاوبەشە و دەشێ هەموو مرۆڤێك پەیڕەوی بكات. بەشێوەیەكی گشتی هیراكلیتس سەرنجی بەلای بیركردنەوەی خەڵكانی دیكەدا ڕانەدەكێشا، بەڵكو دەیگوت ئەو بڕوایەی زۆربەی خەڵكی لە لایان گەلاڵە بووە، دەكرێت لەگەڵ یاریی منداڵی بچووكدا بەراورد بكرێت. هیراكلیتس بوونێكی گشتی، یان سەرجەمێكی گشتی، یان سەرجەمێكی لە نێوان گۆڕانكارییە سرووشتییەكان و دژەكاندا دەبینی، ئەم شتە كە بنچینەی هەموو شتێكی دیكەیە، ئەو پێی دەگوت «لۆگۆس» كە بە واتای هزر دیت.




## پەند و وتە

جوان خۆسێ میلاس، نووسەری ئیسپانی، لە دایكبووی ساڵی (١٩٤٦)ی شاری ڤالانسیای ئیسپانیایە، زۆربەی نووسینەكانی دەربارەی ژیانی تاك و كۆمەڵگەیە، دەربارەی نەریتەكان دەڵێ: نەریتەكانی پێشوومان بوونەتە ڕستەیەك، كە ئێمە لەسەریان دەڕۆین و جێبەجێیان دەكەین، كەچی بڕواشمان پێیان نییە.




## فێڵكاریی چاو

لەم وێنەیەدا كەسێك هەیە كە بە جۆرێك خۆی ڕازاندۆتەوە و ماكیاژی كردووە، كە سەر و چاوی پێچەوانەیە، تۆش هەوڵبدە لە ماوەی (٣٠) چركەدا فێڵكارییەكە بدۆزیتەوە.



### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

لە خۆتەوە بڕیار مەدە، سەرەتا بیری لێ بكەوە و ئینجا هەنگاو هەڵبگرە، ئەو شێوازەی هەڵسوكەوتی ئێستات گونجاو نییە و ڕەفتارت بگۆڕە، كەسێكی شیاو هاتۆتە نێو ژیانت و پێویستە لەدەستی نەدەیت، لە ڕەفتاركردنت لەگەڵ كەسانی دەوروبەرت وریاتر بە، بەم زووانە كێشە خێزانییەكانت چارەسەر دەبن و باروودۆخی كۆمەڵایەتیت باشتر دەبێت.



### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

هەندێ جار بیركردنەوەكانت ئەنجامی باشیان دەبێت، بەڵام جار جارەش كارەكانت قورس دەبن، بۆیە هەنگاوەكان پێویستیان بە گۆڕانكاری هەیە، كەسایەتیت شیاوە تا لە نێو كەسانی دیكەدا خاوەن قسە و پێگەی خۆت بیت، هەمیشە داكۆكی لە مافەكانت بكە و ئامانجەكانت فەرامۆش مەكە، ڕەشبین مەبە، دواڕۆژت ڕوونە.



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

بەهۆی هەندێك كێشەوە زۆربەی بیركردنەوەت بەرەو ئەنجامی نەخوازراو ڕێگەیان گرتووە، هەوڵبدە كەسێكی شیاو بێتە ناو ژیانتەوە تا یارمەتیت بدات، پێویستە ژیانت بگۆڕی، چونكە بەم چەشنە بۆت ناچێتە سەر، كەسێك چاوەڕێتە و دەیەوێ تۆش هەنگاوی بۆ هەڵبگریت، هۆشیاربە و بڕیارەكانت لە كاتی خۆی بدە.




### كەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

لە زۆربەی كارەكانتدا كاتێك دەگەیتە كۆتایی، لێت تێك دەچێ، هەر بۆیە لە زۆربەی كارەكانتدا دواجار پەشیمانیت پێوە دیارە، ئاوتێكی چەند ساڵەت لە دڵە و بۆت جێبەجێ نابێت، پێویستیت بە كەسێكە تا لە بیركردنەوەت تێ بگات، داهاتووت بەرەو خۆشبەختی و ئاسۆیەكی ڕوون دەچێت، پێویستە زیاتر گرنگی بە پێگەی خۆت بدەیت.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

كاتت پێویستە تا بە جوانی كارەكانت بەپێی بیركردنەوەی خۆت جێبەجێ بكەیت، هەمیشە بڕیاری شیاو بدە، گرفتێكت هەیە كە لە كاتی خۆی كارەكانت جێبەجێ ناكەیت و فەرامۆشیان دەكەیت، ئەمەش زیان بە داهاتووت دەگەیەنێت، ئەو كەسەی دەیەوێ لێت نزیك بێت، نیازی پاكە و خواستی تۆی هەیە، تۆش ڕێگەی بدە.



### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

خەریكە هەستەكانت بەرەو بێ ئومێدی دەچن، بەمەش زۆربەی بیركردنەوەت بەرەو بێ ئەنجامی دەڕوات، لەم ماوەیەدا كارەكانت پشتگوێ مەخە و گرنگیی تەواویان پێ بدە، چونكە ئەستێرەی بەختت دەدرەوشێتەوە، ڕێز لە هەستی كەسی بەرامبەرت بگرە، چونكە ئەویش وای دەوێت، ئەگەر كەسێكی تازەت ناسی، ژیرانە ڕەفتار بكە.

